# نامةيةكي كراوة بۆ: دةفتةري سياسي ((حيزبي ديموكراتي كوردستاني ئێران)) ... كةريم كاكة سووري (كةريم خاڵدار)

بۆ ئاگاداریتان، به ناوی ئێوەوه، تا ئێستا چەندین جار له لایەن کومیتەی حیزبەوه له هولەند، داوام لێکراوه که وەک ئەندامێکی حیزب دەست به تێکۆشان بکەمەوه. که هەموجارێ به چەند هۆی تایبەتیەوه ئەو داوایانەم بێ وڵام هێشتۆتەوه و حازر به درێژەی هاوکاری له گەڵ حیزبێک نەبووم، که بەشێک له رێبەرایەتیه دەسەڵاتدارەکەیم قبووڵ نیه و به تاوانباریان دەزانم. هەروەک له کاتی خۆیدا له کوردستان له رێکەوتی 24_4_1364 به نووسراوه پێم راگەیاندن که به هۆی دژایەتی شەری برا کوژی له نیوان حیزب و کۆمەڵه و به رێوەبردنی ئەو سیاسەته نادورسته له لایەن تاقمێکی خۆ به زل زان و سەوداگەرەوه و زۆر هۆی دیکەی ناوخۆی حیزب ، حازر به درێژەپێدانی تێکوشان لەو حیزبه نیم و هاتنەدەرم به رەسمی و به نووسراوه پێراگەیاندن. ئێستاش بەڵگەکەی له لای خۆم ماوه و ئەگەر پێویست بوو دەیخەمه روو. بەڵام ئێوه وەک کردەوەی هەمیشەییتان، له به ئێو تێکۆشەره کەتاندا، به ریزکردنی ئەوتاوانانەی که شیاوی خۆتانەو هەر له خۆتان دەوەشێتەوه، دەرکردنی منتان له حیزبدا راگەیاند. له کاتێکدا تاوانی گەورەی من ئاشکرا کردنی ناراستیەکان و تەسلیم نەبوون به سیاسەته چەوتەکانی ئێوه بوو.که له کۆبوونەوەکانی حیزبی و له نێو کادر و ئەندامانا له قاوم دەدان و له بەرانبەرتاندا رادەوەستام. هەر ئەوەش بوو به هۆی ئەوەی که ئێوه به شیوەیەکی نا جوانمێرانه پیلان بگێرن. تا نەتوانم وەک فەرماندەرێکی هێزی پێشمەرگه بەشداری کۆنگرەی 6 ی حیزب بکەم. له کاتیکدا هەڵبژێردراوی یەکەمی کۆنفرانسی حیزب بووم له ناوچەی هەورامان.

بۆیه منیش بەدوای بریارەکەتاندا و بۆ بەرپەرچ دانەوەی پروپاگەندەی نارەوواتان، به دەرکردنی راگەیاندراو له پاییزی 1364 دا، وڵامی ئەو هەڵوێستانەم داوه.که لەو بارەوه خەڵکی کوردستان به گشتی و کادر و ئەندامانی حیزب به تایبەتی ئاگادارن.

دوو مانگَ پێش دیسان به هۆی کومیتەی حیزبەوه له هولەند ئاگادار کرام که له سیمیناری رۆژی 4_1_2004 له شاری ئوتریخت که بۆ ئەندامانی نارازی حیزب پێکدێ بەشداری بکەم. که به داخێکی زۆرەوه نەچووم بۆ کۆبوونەوەکه. بۆیه دەڵێم به داخەوه: چوونکه ئەگەر زانییام کەسائێکی وەک ماموەستا گۆران له کۆبوونەوکەدا بەشدارن، ئێشک دەچووم و نەزەری خۆمم دەردەبری. بۆیه لێرەدا ئێوی بەرێزیان دێنم، چوونکه ماموەستا گۆران وەک بەرپرسی بەشی قەزایی ئەو کاتی حیزب به تەواوی ئاگاداری له مەسەلەکه هەیه. سەرەرای ئەوەی که دەمزانی بەشێک له ئێوەی بازرگانانی فرمێسک و خوێن، تەنانەت رەحم به خۆشتان ناکەن و له پشتەوەرا خەنجەر نەک هەر لەمن، بەڵکوو له هاو فیکرانی خۆشتان دەدەن.

بۆ جارێکی دیکه له لایەن کومیتەی حیزبەوه پەیوەندیم پێوه کرا و داوایان لێکردم که له کۆبوونەوەی رۆژی 8_2_2004 دا له شاری ئاڵمیره که بۆ ئەندامانی نارازی و دانیشتوی حیزب پێک دێ، بەشداری بکەم. منیش به حوکمی

www.kurdistannet.org

دۆستایەتی و بە هۆی چەندین  جار پەیوەندی کومیتەی حیزب لە هۆلەند بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا، ئەو جار چووم و بەشداریم کرد. بەشاهیدی هەموو ئەو کەسانەی کە لە کۆبوونەوەکە بەشدار بوون، بە سەراحەت ڕامگەیاند: کە ئەگەر ڕێبەرایەتی دەسەلاتداری حیزب سەداقەتی شۆرشگیڕانەیان **هەیە**!! با بە نووسراوە داوای لێبوردن بکەن و لەو بڕیارەی کە بە ناحەق و بە هۆی تۆلّە ئەستاندنەوە لە کاتی خۆی لەسەر منیان داوە، پاشگەز بنەوە، ئەوجار **منیش** بڕیاری خۆم دەدەم. هەروەک پێشتریش ئەندامانی دەفتەری سیاسی ( ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ) ئەو بڕیارەیان بە ناهەق زانی و داوایان لێکردم، کە دەس بە تێکۆشان بکەمەوە و وەک بەرپرسی کومیتەی حیزب لە هۆلەند دیاری کرام و ماوەی چەند سالێش ئەو ئەرکەم بەڕێوە برد.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی تا ئیستا باسم کردووە:

لە ڕێکەووتی 12_3_2004 بە هۆی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە هۆلەند: سادقی زەرزاوە ئاگادار کرام کە لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە ئەندامەتی من لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا پەسند نەکراوەتەوە!!

هەر بۆیە بە پێویستی دزانم لەسەر ئەو مەسەلە سرنجتان بۆ ئەو خالانەی خوارەوە ڕابکیشم:

1 – پێویستە ئاگادارین هەر وەک پێشتریش ئاگادار بوون من پاش هاتنەدەرم لە حیزب هیچ کاتێک دسپێشخەری گەڕانەوە و هاوکاری کردن لەگەڵ حیزبی دیموکڕات نەبووم بەڵکوو ئەوە ئێوە بوون کە بە هۆی جۆراوجۆرەوە پەیوەندیتان گرتووە و داوای هاوکاری دووبارەتان لیکردووم. **ئیدی** دانیشتن و **باس** لەسەر ئەندامەتی من، کە قبووڵ دەکرێم یانە چ مانایەکی هەیە!!

2 – ئەگەر لە کۆبوونەوەی شاری ئالمێرە دا ئەو هەلۆیستەم نەگرتبا و کوێرکوێرانە ڕامگەیاندبا کە ئامادەم وەک ئەندامێکی حیزب کار بکەمەوە، بێگومان هەلۆیستی ئێوە بە جۆرێکی دیکە دەبوو. یان ئەگەر لە ڕۆژی یەکەمی تێکەڵ بوونەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکڕاتدا ئامادەیی خۆم بۆ درێژە پێدانی **هاوکاری** لە گەڵ حیزب ڕاگەیاندبا، **هەلۆیستی واتان دەگرت؟**

**هەر** چەند دەست لەکار کیشانەوەم وەک ئەندام بە هیچ ئورگانێکی حیزبی ڕانەگەیاندوە. بەلام چونکە بە تاوانێکی گەورەم دەزانی دەگەڵ کەسانێک کار بکەمەوە کە دەستیان بە خوێنی پیشمەرگەیحیزب سوورە، هەر **بۆیە** لە تێکۆشانی دووبارە خۆم پاراست.

**بیجگە لە مانەش مەگەر لە کاتی یەکگرتنەوەی حیزب دا ئەندامانی هەردوولا خاوەنی مافی بەرابەر نەبوون و هەموو وەک یەک بە ئەندام نەناسراون؟ دیارە ئەوە منیش دەگریتەوە. مەگەر ئەوەی** لە کاتی یەکگرتنەوەتاندا بە شێوەی تایبەت لەسەر من بڕیارێکتان دەرکردبێت!

با هەر لیرەش ئیشارەیەک بە سەداقەتی ڕێبەری (ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ) بکەم کە چۆن لە مافی ئەندامانی خۆیان پارێزگاری دەکەن.

3 – نازانم ئێوە کێن و خۆتان بە چی دەزانن کە بتانەوێ لەسەر کەسانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر، بڕیار دەرکەن. ئێوە کەسانێک بوون و هەن کە ماوەی 25 سالە بە هۆی دەستەبەندی و باندبازیەوە خۆتان بەسەر حیزبدا سەپاندووە و لە سەداقەت و پاکی کادر و ئەندامانی حیزب کەلکتان وەرگرتوە و بۆ پۆست و مەقام و قازانج و بەرژەوەندی

www.kurdistannet.org

شەخسی خۆتان زۆر کردەوەی نالەبار و تاوانی گەورەتان بە ئەنجام گەیاندوە و بڕیاری کوشتنی پێشمەرگەی حیزبتان بە دەستی یەک، دەر کردوە و زۆر ئینسانی شۆرشگێڕ و بێ تاوانتان بە تاوانی جیاوازی بیروباوەر، تڕۆری شەخسیەت کردوە. کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ وەڵامدەری کردەوەکانی خۆتان بن.

ئێوەن کە لە کاتی تەنگانە و هێرشی دوژمندا سەنگەر چۆل دەکەن و مەیدان بەجێ دێلن هەر وەک لە شەڕی 3 مانگەدا ئەو کوردستانە پان و بەرینەتان بە جێهێشت و خۆتان لە ئاشی پوشکاوێ و کونەمشکەکانی دیکە گرتەوە، و لە شەڕەکانی دواییشدا بە سەدان فرسەخ خۆتان لە کادرو پێشکەرگە دوور دەکردەوە، نەکا خودا نەکردە بەڵایەکتان بەسەر بێ و گەلی کورد بێ ڕێبەر و چاو ساخ بمێنێتەوە!!

ئێوە کەسانێکن کە سیاسەتە!!ڕاست و دورستە کانتان،!! کە هەمیشە ویردی سەر زارتانە و دڵی خۆتانی پێ خۆش دەکەن، بوە هۆی ئەوەی کە بە هەزاران کادر و پێشمەرگەی حیزب لە حیزب دوور کەنەوە و ئاوارە و پەڕیوەی هەندران بن یان خۆیان تەسلیمی ڕژیمی کورد کوژ و جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئیرانێ بکەنەوە

یان ئەگەر بمەوێ باسی 2 شەڕی ماڵ وێرانکەری حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە لە لایەک و شەڕی ئێو خۆیی حیزب لە لایەکی دیکە بکەم، کە بە هۆی سەرەڕۆیی و سیاسەتە چەوتەکانی ئێوەوە بەڕێوە چوو و بوو بە هۆی لە ناوچوونی سەدان کادر و پێشمەرگەو ڕۆڵەی بە وەجی ئەم نیشتمانە، دەبێ بە سەدان پەڕ کاغەز ڕەشکەمەوە.

هەر بۆیە بە پێویستم زانی ئەو نامەتان بۆ بنێرم و لە ئاکام و ئەنجامی کردەوە چەوتەکانی خۆتان ئاگادارتان بکەمەوە بە جێی ئەوەی دادەنیشن و لە دژی کەسانی وەک من بڕیار دەردەکەەن، بیرێک لە ڕابردووی خۆتان بکەنەوە کە چیتان کردوە و ئەو حیزبەتان لە کوێیوە گەیاندۆتە کوێ؟

ئەگینا من ئەندامی حیزبێکی سیاسی بم یا نەبم ، خۆم هەر بە خزمەتکاری بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەم دەزانم و ئەوەندەی پێم کراوە دریغیم نە کردوە و لە داهاتوشدا دریغی ناکەم.

لە کۆتاییدا وەبیرتان دێنمەوە: لەو هەلو مەرجەدا کە کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەتیدایە، چاوێک لە خۆتان بکەن و هەست و تواناتان بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی گەلی کورد وەگەڕ خەن. هەر چەند دەزانم ئەمە لە لای ئێوە بایەخی نییە و دەستە و دەستەبەندی ئەو ئیمکانەتان بۆ ناهێڵێتەوە.

هەر لەو کاتەشدا دڵنیام ئەو هەورە ڕەشەی کە بە بوونی بەشێک لە ئێوە باڵی بەسەر حیزبی دێموکڕاتدا کێشاوە، بە لاچوونتان دەڕەویتەوە و دەبێ بە ئاسمانێکی ساف و بێگەرد و شین و هەموو ئەو تێکۆشەر و نیشتمان پەروەرانەی کە بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی ئێوەوە لە حیزب دوور کەوتوونەوە و ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بوون، دەگەڕێنەوە باوەشی حیزبەکەی خۆیان و درێژە بە تێکوشان دەدەنەوە.

سەرکەوێ خەباتی ڕەزگاریخوازانەی گەلی کورد.

هۆلەند 22_3_2004

کەریمی کاکە سووری (کەریم خاڵدار)

www.kurdistannet.org